کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-5-2007 19:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیسان هەولێریان خەڵتانی خوێن کرد ... کارزان گلی

بەیانییەکی زوو بوو، خۆر سەرەتای هەڵاتنی بوو، منداڵان جووت جووت بەرەو تاقیکردنەوەی سەری ساڵ دەچوون، فەرمانبەران خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچنە سەر کار وەکو ڕۆژانی تر، باڵندەکان بەسەر ئاسمانی شاری هەولێردا هەڵدەفرین، بەڵام لەپڕێکا شەمشەمە کوێرەیەك بەری خۆری گرت و منداڵانی لەتاقیکردنەوەی سەری ساڵ بەترسەوە گەڕاندەوە و ئاسمانیشی لەباڵندە بێگەردەکان تاریك کرد. ئاخ نیشتیمان بەم بەیانییە زووە چۆن خەڵتانی خوێن کرایت، ئاخ نیشتیمان بەم بەیانییە زووە چۆن جلی ڕەشیان لەبەر دایکی شەهیدانت کردەوە، ئاخ بەیانییەکی چەند شووم بوو کاتێك



دەچوویتە چ کوچە و کۆڵانێك هاواری باوکان و قیژەی دایکان ڕایدەچڵەکاندی. ئاخ نیشتیمان پێم بڵێ چ نیشتیمانێکی تر هێندەی تۆ خەڵتانی خوێن کراوە و بەجلی ڕەش داپۆشراوە، پێم بڵێ کێ هێندەی تۆ بەرگەی ئەم هەموو ئازارە دەگرێت، کە بەری سەد ساڵە بەرۆکی گرتوویت و لێت نابێتەوە، کەچی تۆش لەسەر ئەم هەموو ئازارەت دڵنەوایی ئێمە دەدەیتەوە و بەردەوام هەگبەی نوێمان بۆ دێنی. ئەوکاتەی دایکی هەژارانم خەڵتانی خوێن کرا گریانی نیشتیمان و گریانی ئەو ئافرەتانەی کوڕیان یان مێردەکانیان شەهید کرابوو لە گریانی خوایەك دەچوو، کە هیچ دەسەڵاتێکی بەرامبەر زەوی نەبێت، لەگریانی بێوەژنێك دەچوو کە چۆن برینی ساڵانی پێشووی کولابێتەوە، لەگریانی قەیرە کچێك دەچوو، کە ساڵانێکە خۆی و نیشتیمان خەمی خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە و بۆ بەیانییەکی تر هەمان خەم بۆ یەکتری باسدەکەنەوە. نیشتیمان تۆیەك بەدرێژایی مێژوو تیرۆر کراویت، لێیان کوشتویت، کیمیایان بەسەردا کردوویت، ئەنفالیان کردویت، بەکۆمەڵ لەژن و منداڵ پیر و گەنجیان بەزیندوویی زیندەبەچاڵ کردوویت، پێم بڵێ دوژمنەکانت چیان لێت دەوێت، تۆیەك بەدرێژایی ئەو هەموو مێژووەت لەمافی خۆت زیاتر داوای مافی کەست نەکردووە، تۆیەك جگە لەئاسوودەیی، جگە لە جوانی، جگە لە ئازادی، جگە لە دیموکراتی بۆ میللەتەکەت، کە ساڵانێکە دەهۆڵی بۆ دەکوتیت و کەس گوێت لێناگرێت، کەچی بەوەشەوە ناوەستن تا بەردەوام لەخوێنی خۆتدا نەگەوزیت، بۆ دوژمنان بۆ؟ خۆ نیشتیمانی من نەیکوشتوویت، خۆ نیشتیمان خاکی داگیر نەکردوویت، ئەی ئەو هەموو ڕق و کینەت لەپای چی؟. هەر لەو بەیانییە زووە ئافرەتێکی 50 ساڵی هاواری نەخۆشخانەی ڕزگاری دەکرد و داوای لاشەی کوڕەکەی دەکردەوە، کە کەس نەیدەزانی پارچەکانی کەوتوونەتە کوێ، ئەو ئافرەتە لەتەمەنی 25 ساڵییەوە مێردەکەی شەهید کرابوو، تەنها دوو کوڕی دوای خۆی بەجێهێشتبوو و هەردووکیشیان خێزانیان پێکهێنابوو، بەڵام چۆن باوکی ئەو کوڕە منداڵەکانی بەهەتیوی بەجێهێشت بۆ ئەوەی نیشتیمانی هەتیو نەبێت، ئەو کوڕەشی منداڵەکانی وەکو خۆی لە وشەی (بابە) بێبەش کرد و شەهید کرا، بۆیە دایکی هەمیشە دەیگوت (بەقوربانت بم کوڕە هەتیوەکەم بۆ بەجێت هێشتم، خۆ من جارێ بەئارەزووی خۆم بۆنی هەتیوییتم نەکردبوو، خۆ من جارێ تێر لەباوەشی خۆمم نەئالاندبووی، خۆ تۆ جارێ کوڕە 3 مانگییەکەت فێر نەکردبوو بەشوێنتا بکەوێت و بڵێ بابە، جێم مەهێڵە، من هێشتا شەهید بوونی باوکتم بیر نەچۆتەوە، من هێشتا نازی دایکایەتیم پێ نەبەخشیوی، هێشتا وەکو گەورەیەك ماچم نەکردوویت توخوا.. توخوا.. توخوا) ئەوە تراژیدیای ئەو دایکە بوو، کە بەدوای لاشەی کوڕەکەیدا دەگەڕا و بۆی نەدەدۆزرایەوە.

karzan_ma82@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.